پاش چواردە ساڵ زیندانی سزای لەسەدارەدانی مامەستایەکی ئایینی کورد جێبەجێکرا

پاش چواردە ساڵ زیندانی سزای لەسەدارەدانی مامەستایەکی ئایینی کورد جێبەجێکرا.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو بڵاویکردووە، بەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێشەممە (23ـی کانونی دووەمی 2024)، سزای سەدارەی فەرهاد سەلیمی، بەندکراوی مەزهەبی کورد و خەڵکی سەقز، لە بەندیخانەی قزڵحیساری کەرەج جێبەجێکرا.

دوێنێ دووشەممە فەرهاد سەلیمی، بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمی لەسەدارەدان، بە زیندانی تاکەکەسیی گوازرابووە.

فەرهاد سەلیمی، زیندانییەکی سیاسیی کوردی خەڵکی سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ماوەی 14 ساڵە بە کەمەك تەمەنی وەك "موحاڕەبە"، "فەساد لەسەر زەوی"، "هەڕەشە بە سەر ئاسایشی نەتەوەیی"، "ڕاگەیاندن لە دژی ڕژێم" و "ئەندامەتیی لە گرووپە سەلەفییەکاندا"، زیندانیی کرابوو و ئەمڕۆ سێشەممە حوکمی لەسەدارەدانی سەپێندرا.